# رۆشنبیری شۆرشگێر

**ئەم لا پەرەیە لەلایەن ( سەنتەری هۆشیاری تاك )ەوە ئامادە دەكرێت**

شۆرشگێر بوونێكی كارایە لە هەر چەرخ و سەردەمێكدا، بۆیە دەسەلاَتێكی بالاَیی هەبووە لە ئاشنا كردنو كەمەندكێش كردنی هەستی میللەتەكەی بە راستیو دروستی ژیانو رۆژگاردا، لە گەلٙ ئەوەشدا خاوەنی هەلوێستێكی پۆلاین بووە لەبەردەم فرمانرەوای زۆردارو ستەمكار، بەلاَم راستیەك هەیە دەبیٚ هەموومان بیزانین رۆشنبیر بەبیٚ ئەوەی رۆحێكی شۆرشگێری هەبیٚ ، ناتوانیٚ بەراستیو دروستی خزمەتی نیشتیمان ومیللەتی خۆی بكا، چونكە هەست بە سنوورە گرنگەكانی ژیانی مرۆڤایەتی ناكا، بەلٙكو تەنها لەبیری خۆی دایەو خەریكی كۆكردنەوەی سامان و دەستەلاَتی بیٚ سنوری كورسیە، جا لەوكاتەشدا گەندەلٙی ئیداری و گەندەلٙی سیاسی سەرهەلٙدەداتو خواستی میللەتی چەوساوەی لە بیر دەچێتەوە، ئەوەش كۆمەلێك كارەساتی لیێ دێتەكایەوە وەك رووتیو برسێتی خەلك، خەلٙكە هەژارو كەم دەرامەتەكان بە خۆیانەوە دەبینن و خەلٙكە دەسەلاَتدارەكانیش دەبنە دەولٙەمەندترین خەلك. ئەمەلەلایەك .....لەلایەكی ترەوە ئەگەر شۆرشگێریش بیٚ هەستی هۆشیاری و رۆشنبیری و لیٚزانی لە كارو ئەركەكانی شارەزا نەبێت، ئەوەش دەكەوێتە داوی دەسەلاَت، وە ناتوانی گۆرانكاری لە خودی كۆمەلگای زیندووی ژیان بكا، چونكە كۆمەلٙگاش پێویستی بە حكومەتو دەسەلاَتی چاكو پاك هەیە بۆ سەركەوتنو ئاسایشو هێمنو ئارامی لە ژێر سێبەری ئەودا، بۆیە پیویستی ئەمرۆی خەلٙكی كوردستانو حكومەتی كوردستان ئەوەیە كە هەولٙ بدەن لە ئاستی مەترسیەكانی هەرێم خاوەن رۆشنبیری شۆرشگێر بن بۆ پاراستی دەستكەوتەكانی خەلٙكی راپەریو بەرامبەر دوژمناكارانی تورك و عەرەبی و فارس و ئەوانتر. جا لێرەدا مرۆڤە كوردستانیەكان پیویستە دوو مەرج لە سیفەتیاندا هەبیٚ ، واتە هەم رۆشبیر بین بۆ بەرێوەبردنی دەسەلاَت و كاری دیبلۆماسی ، هەم شۆرشگێر بین بۆ دلٙسۆزی ویەكسانی و مافی مرۆڤ و بۆ بە هێزكردنی بیروراى ئازادیخوازانە، تاوەكو بە بروایەكی هۆشمەندانەوە كار لە سەر بنەمای دیموكراسی یەكان و بنەما ئاینی و بنەما فەلسەفییەكان بكەن، كاتێكیش بەو شێوازە كاركرا ئەوە ئینجا دەتوانین ژیانی میهرو وەفا لە نێوان دەسەلاَت و كۆمەلٙگا دەست پیٚ بكەینو خەلٙكیش رزگاری بێت لە تاریكیو حكومەتیش رزگاری بێت لە ترسو دوولٙی .